2004-11-01

## لەو كاتەوە جلكی سپیم لەبەر كرد ...

سنە: شەیدا كازمی



تەمەنی لە 15 یان 16 ساڵ تێپەڕناكا، بەڵام واتای هێمنێتی و ئارامیی بە باشی دەزانێ، تەواوی ئارەزووەكانی یەكجێ لەپێناوی گەیشتن بە ئارامیی خولاسە كردووەتەوە.

«شەریفە» كیژێكی خەڵكی گوندی كۆخانی سەر بە ناوچەی دێگولانی سنەیە. دە مانگ پێش، كاتێك كە جلكی سپیی بووكێنەی دەبەركرد و لە ناو بەزم و شایی خزم و دەوروبەردا پێی نایە ماڵە مێرد، لەو فكرەدابوو كە لە فەرق و جیاوازیی و ئاڵۆزییەكانی ماڵی باوانی قوتاری هاتووە، بەڵام مانگێك دواتر تەواوی ئارەزووەكانی پووچەڵ بوونەوە.

«شەریفە»، سەبارەت بە ژیانی خۆی ئێژێ: منداڵی دووهەمی خێزان بووم. باوكم كارگەرێكی سادە بوو. خوشكێك و سێ برام هەبوو. بەڵام، هەر لە سەرەتای منداڵیەوە فەرق و جیاوازییەكانم بە چاوی خۆم دەدی كە لە نێوان كچ و كوڕدا دایاندەنا.


Copyright © Kurdi.fi

بیرەوەریی ژیانی هاوبەش بۆ «شەریفە» ئەوەندە تاڵ و دەردناکە کە لە خودای دەوێ وێڕای هەموو ئەم فەرق و جیاوازیانە بگەڕێتەوە ماڵی باوانی.
ـ شووکردن ناخۆشترین خاترەی ژیانی منە. باوەڕم نەدەکرد بە بۆنەی پارچە زەویەک، مێردەکەم و بنەماڵەکەی ناچارم بکەن لە دژی باوکم سوێندی بە درۆ بخۆم و پێموانەبوو دوای خۆبواردن لەوکارە، ماوەی نۆ مانگ ئەشکەنجەم بدەن؛ نۆ مانگ لە دەستشۆریی ماڵەکەیان بمبەستنەوە و زنجیرم بکەن و، بە ڕۆژیش لە بەر سوورەتاوێ ڕام بگرن. باوەڕم نەدەکرد دەستەکانم بە تەناف ببەستن و هەڵم ئاوەسن و، مێردەکەم لە ئاست شکانی هەر دوو باسکەکانم نە بای پێدا بێ و نە باران.

فرمێسک دە چاوەکانیدا قەتیس ماوە و دەڵێ: خواردنی من لەو نۆ مانگەدا ڕۆژنارۆژێک وردکەنان و چێشتی کۆن و بەیاتی وان بوو. وە برای مێردەکەم بە شیشەی داغ بەدەنی دەسووتاندم و ئەندامە «١٠» سەر خێزانیەکەی ماڵە شووەکەم هەرکام بە شێوەیەک ئەشکەنجەیان دەکردم. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە مێردە «١٧» سالانەکەشم دەگەڵ وان هاودەست ببوو.

لە نێوان قاقڕی ژیانیدا چاوی دەچاوی من بڕیوە و فکر لە گوڵێک دەکاتەوە کە لەوانی دیکەی زیاترخۆش دەوێ. تاوێک دواتر زەردەخەنەیەک دەنیشێتە سەر ـ


Copyright © Kurdi.fi

لێوەکانی و دەڵێ: ئەمن عاشقی گوڵی گوڵاوم. دەڵێ: چەندم پێخۆشبوو بڕۆمە مەدرەسە. چەندم خۆش گەرەک بوو لە پشت مێز و نیمکەت دابنیشم. بەڵام ئەو ئارەزوویەی من لەبەرچاونەگیریا. دایکم ژنێکی نابینا بوو. هەرچی گوتبای هەرئەوەسە دەبوو، باوکم پیاگێک بوو بێ سەواد کە بۆ کارکردن هەفتەگەل لە ماڵەو نەبوو و بۆ ناوچەگەلی جۆراوجۆر دەچوو.

«شەریفە» چاوی دە نوختەیەکی دوورەدەست بڕیوە. دڵەخورپە، شەکەتیی و خەم و پەژارە لە نیگاکانی ڕا دادەبارێنە سەر پەڕی کاغەزەکانم.

ـ نازانم ئەگەر لە بێهزیستی (باشخانوو) مەرەخەسم بکەن و ناچار بە گەڕانەوەی ماڵی باوانم بم، چ ڕەفتارێکم لەگەڵدا دەکەن.

لەو ماوەیەدا تەنیا کەسێک کە بۆ چاوپێکەوتنی شەریفە هاتووە باوکی بووە و دایکی وی هیچ سۆراغێکی نەکردووە.

«شەریفە» ئاخرین قوربانی نیە. بێشک دەنگی ئەو کیژە گوندیە بێپەنایەش بۆ هەمیشە هەروا نامێنێتەوە. خۆزیا دابونەریتی هەڵە و سوننەتیش کە بەدیهێنەری کارەساتی لەم چەشنەن هەر نەمێننەوە.

• • •

وەرگێڕانەوە: هێرش


Copyright © Kurdi.fi